# سەرۆک لەنێوان " عەباس و حوسەین " دا

**مستەفای حەسەنە گەورە**
Msto123@hotmail.com

عه باس ... واته عه باسی بایزی با لۆ .. کۆنه موسته شاری تۆمه تبار به کوشتن و بەگرتدانی سه دان کەس . تاکه کۆنه جاش که زۆرترین داوای یاسایی له سه ر تۆمار کرابێ .
حوسەین ... واته حوسەینی حەمه سور ئاغا .. کۆنه موسته شاری سەردەمی بەعس .. بکوژانی پێشمەرگەی ناوداروسیمای خۆشه ویستی جوتیارانی ناوچەی پشده ر . شەریف ڕازانی وفاروقی ئەحمەدی مام عەلی ناسراو به فاروقی کارەبا کادیری ناسراو پێشکەوتووی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان . له ناوچه ی پشده ر له سه رده می زێرینی جاشایه تیدا سێ کوچکه ی سێ سەرۆک جاش ( عه باس وحوسوین و عه ریف با به کر ) که س نەبوو نەیبیستبێ خۆشبه ختانه عەریف بابەکر له گه رمه ی شه ڕی عێراق و ئێران تیاچوو ،ئه گینا ئێستا ده بوایه دەیان هەزار دیناری دیوه خانانه مان بۆ سەرف کردبا .... ؟ دوای ڕاپەڕینه جەماوەریەکه ی 1991 ،هه رحزبه و ئازابێت وبه شی خۆی گڕبدا ،حزبی گه وره سەرۆک جاشی گه وره ی بۆخۆی ئه برد حزبۆکه ی بچوکیش به پێی قه باره ی خۆی یان تۆزێ که متری به رئەکه وت . کاک حوسه ینی حه مه سوور بەر ئەم حزبه که وت که شەهید شەریف ڕازانی فه رمانده ی بوو .. ؟ ته نانه ت پۆسته ر ێکیشیان بۆنه کرد ... ؟ نه وه ک د ڵی کاک حسین برەنجێ ... ؟ کاک حسین له سه رده می ده سەڵاتیدا، جگه له پیاده کردنی سیاسه تی بەعس کۆمەڵێ بڕیاری سه ربه خۆشی سه پاند بوو بەسه ر خه ڵکی قه ڵادزێ دا . بۆ نموونه پشدێنی ڕه ش و دەزبێحی قه زوان وکراسی ڕه ش و ڕیش ئه وانه هه موویان یاساغ بوون هه ر که س یه ک له و شتانه ی..هه بوایه ده که وتەبەر ئیهانه و زۆر جار لێدان و ... هتد .
تاوانەکانی ئه م کۆنه جاشه زۆر له وه زیاترن . که به لاپه ڕەیەک و دوان کۆتایی پێبێت ، وه ک پێناساندنێکی کورت، لێرەدا هه ر ئه وه نده به سه ... ؟

سالّ هات و چوو حسێنی کۆنه جاش له هەوڵێکی سەرنه گرتووی تیرۆریستیدا ویستی بارەگای مه کته بی سیاسی پارتی بتەقێنێتەوە،ئه وه بوو ئەم کۆنه جاشه گیراو ... هەرچەند ئاغاکانی پشدەر خواو خەڵکی دونیا نه ما بۆ لای کاک مەسعودی نەبەن .. بەڵام هەموو هەوڵەکان بێفایده بوون و تا کۆنه جاشی ناو براو له زیندانا ... تیا چوو .. ؟ چۆن ئه وه هه رخواو پارتی ئەیزانن .
ئەگەر تۆزێ حەقوعەداله ت مابێ نه ک هەر حسێنی حه مه سوور به ڵکوو هەموو هاوسەنگەرەکانی سه رده می به عسی گۆڕبه گۆڕ .. دەبێ سزایه کی له وه گه وره تریش بدر ێن،بەڵام بەم شێوه نهێنیه نا بەڵکو له دادگایه کی عادیلانەی سه ربه خۆو دوور له ده سەڵاتی حز بی ... ؟

ئەسڵی مه سەلەکه لێره وه ده ست پێدەکات، ، ،؟ حسێن له ناو ئەبرێت و عه باس وەک بیلبیلەی چاو ئه پارێزرێت،سەرەڕای ئەو هەموو تاوانانەی ده رحه ق به کۆمەڵانی خەڵکی کردووه هه ر له ده شتی کۆیه وه .. تا چەمچەماڵ،بیتوێن و پشدەر،کوردستانی ڕۆژهەڵات،که م ناوچه ی کوردستان ماوه ده ستی چه په ڵی ئه م کۆنه جاشه ی پێنه گەیشتبێ . سه دان که س له خەڵکی

سیڤیل وپێشمه رگه  و کادری ناو شارو ته نانه ت  سه رکرده  و ... هتد  قوربانی ده ست یان پیلانی گلا وی ئه ون ،که  چی تا ئێستا نه ک هەر ئاماده ی دادگا نابێت،به  ڵکو له زەمانی بەعس خراپتر ته راتێنی ئێران وکوردستان ئه کات،به  پ ێی دواین هه واڵ .. ئه  و ده ستی زۆر زیاتر له پارتی ئه ڕوات له لای ڕژێمی ئێران . تادو ێنێش .. ده یان و بگره  سه دان پێناس وبەرگەی ئیتڵاعاتی بۆ خەڵک دروست کردوه  و ئه یکات .

بەڵام خۆشبه ختانه کەیسی پڕ له تاوانی خۆیی و برایم ئاغای ئامۆزای وا له به غدا تاو توێ ئەکرێ و بەمزوانه   فرمانی گرتنێکی تریشی بۆ ده رئەچێت ،بزانین ئاخۆ ئەمجاره هەڵوێستی بەرپرسانی هەولێر چۆن ئەبێت .

مستەفای حەسەنه گەوره

20 / 4 / 2007  دانمارک